بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری:دەستگیرکردنی تۆڕێک کە یاری بەنرخی دۆلار دەکەن

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری و ئاسایش ئەمڕۆ سێشەممە، ڕایگەیاند کە تۆڕێکی دەستگیرکردووە کە یاری بە نرخی دۆلار دەکرد. بەڕێوەبەرایەتییەکە لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند" پاش بەدەستهێنانی زانیاری ورد دەربارەی کۆمەڵەچەتیەک کە یاریان بەنرخی دۆلار کردووە لەدەرەنجامی حەواڵەکردن و کڕین وفرۆشی دۆلار بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری وئاسایشی بەغداد هەستا بە چوونەناو کۆمپانیایەکی ئاڵوگۆڕی دراو لەناوچەی کەڕادە لەبەغداد، وتیشی کە لەدەرەنجامی پڕۆسەکەدا 5 تۆمەتبار دەستگیرکران و ڕادەستی لایەنی پەیوەندیدارکران.